سەماحەتی حەکیم داوای دروستکردنی سندوقێك بۆ ناوچە بەشەکان دەکات

ammaralhakeem.com

ڕۆژی پێنجشەممە بەرواری 22-12-2022 لە میوانخانەیەکی هۆزی ئال زیاد لە دیوەخانی شێخ ڕیسان متەشەر زەیادی بەڕێز عەمار حەکیم سەرۆکی ڕەوتی حیکمەی نیشتمانی چاوی بە کۆمەڵێك شێخ و پیاوە دیارەکانی پارێزگای موسەننای خۆشەویست کەوت، لەم دیدارەدا بەڕێزیان ئاماژەی بەو مێژوووە شەرەفمەندانە کرد کە بە ئەوانی بەستوەتەوە و گوتی " گرنگترین خاسیەتی گەلی عیراقی ڕووبەڕووبوونەوە و هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی و قوربانی دانە.

سەماحەتی بانگەشەی بۆ ئەوە کرد کە سندوقێکی تایبەت بە پارێزگا و ناوچە بێبەشەکان دروست بکریت بۆ ئەوەی دادپەروەری کۆمەڵایەتی بەرقەرار بێت سەبارەت بە بێ بەش بوونی هەندێك ناوچە و ڕێژەی هەژاری لەو ناوچانەدا، هەروەها ستایشی کارەکانی حکومەتی خۆجێی موسەننای کرد لەڕووی پێشکەش کردنی خزمەتگوزارییەکان و داوای کرد کارەکان زیاتریش بکرێت.

سەماحەتی هۆشداریدا لەو پڕۆژانەی گەلی عێراقی کردوەتە ئامانج و بەچەندین سینارێی جیاوازیش پێشکەش دەکرێت و گوتی تیرۆر و داعش لە پشت کردنی ئەو پیلانانەن کە ئامانجی لێدانی گەلی عێراق و دروستکردنی دوو بەرەکی وبڵاوکردنەوەی فیتنەی ناوخۆیە، بەڵام بەهۆی خوای گەورە و فەتواکانی مەرجەعیەتی باڵا و کەسانی باش توانراوە خوێن و پڕۆژەی عێراق بە پارێزراوی بمێنێتەوە.

سەماحەتی پشتگیری خۆی بۆ حکومەت دووپاتکردەوەو گوتی وەرای ئەوەی بەشداریمان تێدا نەکردوە بەڵام " گرنگ و ئامانج خزمەتکردنی گەلی عێراقە" ڕوونیکردەوەش کە. هەلی سەرکەوتن هەیە ئەویش بەهۆی بوونی پارەیەکی باش و بایەخدانی حکومەت بە پارێزگاکان و پڕۆژەکانی گەشەپێدانیان کەبەهەماهەنگی وەزارەتەکان جێبەجێدەکرێت.

لەکۆتاییدا سەماحەتی بانگەشەی کرد بۆ ئەوەی سوود لە تواناکانی موسەننا وەربگیرێت و وەبەرهێنانی لە بکرێت لەبەر ئەوەی بەهۆی بوونی گوندەکان دەکرێت بایەخی زیاتر بە کشتوکاڵ بدرێت و سوودیش لە ئاوی ژێر زەوی وەربگیرێت و داوای کرد کە پێویستە هەمیشە گەشبینی بڵاوبکەنەوە و لە زمانی نائومێدی و کاری نەرێنی خۆیان بدوور بگرن و هەمیشە ڕەخنە لێخۆگر بن.